ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو پشتیوانی خۆی لە مافی گەلی فەلەستین دووپاتکردەوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو پشتیوانی خۆی لە مافی گەلی فەلەستین بە بەرگریکردن لە خۆیان و پیرۆزیەکانی موسڵمانان بە تایبەتی مزگەوتی ئەقسای پیرۆز دەکات.

ڕۆژی هەینی، بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی ئاساییی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بەاوکرایەوە و هاتووە، "ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە سەرۆکایەتی د. هادی عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بە ئامادەبوونی مامۆستا سەلاحەدین مەحەممد بەهائەدین ئەمینداری گشتی و د. محەممەد ئەحمەد سەرۆکی دەستەی باڵای چاودێری کۆبوونەوەی ئاساییی خۆی ئەنجامدا".

هاتووەش، لە کۆبوونەوەکەدا تیشك خرایە سەر باروخی هەرەمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بە گشتی بەتایبەتی باری خراپی بژێوی موچە خەران و فەرمانبەرانی هەرەمی کوردستان و جەختکرایەوە لەسەر گرنگی ئەو کۆشێە بە زوترین کات لەلایەن هەردوو حکومەتی هەرەم و عێراق، بەشێوەیەك موچەخەران و فەرمانبەرانی هەرەمی کوردستان هاوشێوەی ناوچەکانی تری عێراق لە کاتی خێیدا موچەکانیان بەدەست بگات و میکانزم و ڕە و شوێنی پێویستی بە بگیرێتە بەر بەدوور لە ململانێ و ناکۆکیە سیاسیەکان.

هەر لەوبوارەدا سەرکردایەتی یەکگرتوو بە پێویستی دەزانێت حکومەتی کاربەرێکی هەرەم کۆشێی

فەرمانبەران و مامەستایانی وانەبێژ و خەبەخش و گرەبەستەکان چارەسەر بکات بە ئەوەی دەخی ئاسایی و دەوامی رۆژانە بگەڕێتەوە بە ناوەندەکانی خوێندن و نەخۆشخانەکان و سەرجەم فەرمانگە حکومیەکان لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ناوچەکانی هەرێم.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لەبارەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان ئەوە ڕایگەیاند، کەبوونەوەی سەرکردایەتی بە پێویستی دەزانێت کە ئەو هەڵبژاردنە چارەنووسسازە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دوور لە ساختەکاری و دەستتێوەردان ئەنجام بدرێت و هەرچی زووترە کەتایی بهێنرێت بەو بۆشایە دەستوورییە ڕوویکردەتە سیستەمی سیاسی هەرێم.

هەر لەو بارەیەوە ئەنجومەنی سەرکردایەتی جەختیکردەوە لەسەر هەوەستی ڕاگەیەنراوی خۆی بە پێکهێنانی چوارچێوەیەکی نیشتمانی لەگەڵ لایەنە نایازیەکانی دەرەوەی دەسەڵات، بە ئەو مەبەستەش یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەردەوام دەبێت لە گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە بە گەیشتن بە ڕێککەوتن و هاریکاری هاوبەش لەو پێناوەدا.

لە تەوەریکی تردا کەبوونەوەی سەرکردایەتی هەوەستی لەسەر شەڕ و ئاژاوەیکانی ئەم ڕۆژانەی نێوان بزوتنەوەی حەماس و ڕژێمی ئیسرائیلی دەربڕی و جەختی کردەوە لەسەر پشتیوانی خۆی لە مافی ڕەوای گەلی فەلەستین بە بەرگریکردن لە خۆیان و پیرۆزیەکانی موسڵمانان بە تایبەتی مزگەوتی ئەقسا کە ئەرکێکی ئاینی و شەرعیە و ڕوودەکاتە سەرجەم موسڵمانان، هاوکات هاوسۆزی و هاوخەمی خۆی ڕاگەیاند بە دانیشتوانی کەرتی غەززە کە لە ژێر دەندانەترین گەمارە و بەردومانی ئاسمانیدان، ئەوەش ئەرکێکی ئینسانی و ئەخلاقیە و ڕوودەکاتە هەموو گەلانی جیهان، هەروەک چۆن لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە.

هەروەها جەختکراوە، کە لەو بارەیەوە سەرکردایەتی یەکگرتوو بە پێویستی دەزانێت کە دەوڵەتانی ناوچەکە کۆشش و ناکۆکییە ناوخۆییەکان بە ڕێگای سیاسی چارەسەربکەن و کەتایی بهێنن بە پێنابردن بە هێز و توندوتیژی و وەرانکاری بە تایبەتی بەرامبەر گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستان.

لە کەتایی دا کەبوونەوەی سەرکردایەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەك هەمیشە بەردەوام دەبێت لەسەر هەوەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئیسلامی خۆی، هاوکات داکۆکیکردن لە خواست و خەمەکانی چین و توێژەکانی خەڵکی هەرێم بە گشتی بە ئەرکی لە پێشینەی خۆی دادەنێت و هەموو هەوڵ و تواناکانیشی لەو پێناوەدا بەکاردەهێنێت.